# وتووێژ لەگەڵ: زانا ڕۆستایی



ئەندامی سەرکردایەتی

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

**"دیموکراسی و ئیسلام خاڵی بەیەکگەیشتن و خاڵی لەیەک جیابوونەوەشیان هەیە، بەڵام خاڵە هاوبەشەکان یەکجار زۆرن و ناکۆکییەکان زۆر کەمترن. دیموکراسی وەکو ئامراز و شێوازی حوکمرانی تێکگیرانێکی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا تێدا نییە، بەڵام کێشەکە کاتێک دروست دەبێت، کەوا دیموکراسی دەبێتە ئایدیۆلۆجیا و لەگەڵ لیبرالیزم تێکەڵاو دەکرێت."**

**- لەسەر یەک پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چۆن دەنرخێنن؟**

**وەڵام:** بەشێوەیەکی گشتی، هەبوونی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان زۆر بە پێویست دەزانین و پێمانوایە، هەنگاوێکە لەسەر ڕێگای بونیاتنانی کیانی کوردستانیمان و دەستوور زامنی ماف و ئازادییەکانە و چوارچێوەیەکیشە بۆ دەسەڵات. ئەو پرۆژە دەستوورە کە من هەر لەسەرەتاوە ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بووم، یەکێکە لە پێشکەوتووترین دەستوورەکانی ناوچەکە لەسەر ئاستی وڵاتان بێت یان هەرێمەکان، لەبەر ئەوەی داڕێژەرانی ئەم پرۆژەیە سوودیان لە ئەزموونی گەلان و هەرێمە هاوشێوەکانی کوردستان و بیروڕای ڕۆشنبیران و ئەکادیمی و سیاسییەکانیش وەرگرتووە.

**ـ ماددەی 6 باس لەوە دەکات کە (بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسادانانن و نابێ:**

**یەکەم: یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام.**

**دووەم: یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی.**

**سێیەم: یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتییانەی لەم دەستوورەدا هاتوون.)**

**– ئایا دیموکراسی و ئیسلام ناکۆک بەیەک نین؟**

**وەڵام:** دیموکراسی و ئیسلام خاڵی بەیەکگەیشتن و خاڵی لەیەک جیابوونەوەشیان هەیە، بەڵام خاڵە هاوبەشەکان یەکجار زۆرن و ناکۆکییەکان زۆر کەمترن. دیموکراسی وەکو ئامراز و شێوازی حوکمرانی تێکگیرانێکی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا تێدانییە، بەڵام کێشەکە کاتێک دروست دەبێت، کەوا

دیموکراسی دەبێتە ئایدیۆلۆجیا و لەگەڵ لیبرالیزم تێکەڵاو دەکرێت.

زەقترین خاڵی ناکۆکی دیموکراسی لەگەڵ ئیسلام خۆی لە ئەوەدا دەبینێتەوە، کە مرۆڤ جێگەی خودا بگرێتەوە، لە حەڵاڵکردن و حەرامکردن و لە کرداری یاسادانانەدا هیچ سنوورێک نەبێت یاسادانەر لێی بگەرێتەوە، بەلام کە هاتی بە دەستوور سنوورێکت بۆ یاسادانەر دانا، کە نابێت یاسایەک دەربکات پێچەوانەی حوکمە نەگۆرەکانی ئیسلام بێت، ئەوا ئەو خاڵە ناکۆکەی دیموکراسیت چارەسەر کرد و مەترسی تێکگیران نەما.

**بە کورتی دەتوانین بلێین، ئیسلام هەموو خاڵە ئیجابییەکانی دیموکراسی تێدایە و دووریشە لەو سەلبییاتانەی کە لە دیموکراسیدا پەیدا دەبن.**

**- حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام کامانەن؟**

**وەڵام:** حوکمە نەگۆرەکانی ئیسلام کە زانایانی بواری (اصول الفقه) باسیان لێوە کردووە، بریتین لەو حوکمە کۆتاییانەی کەوا لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی راست و دروستی پێغەمبەر ( د.خ ) بریاریان لەسەر دراوە و هیچ تەفسیرێکی جیا هەڵناگرن و بەڵگەکانی حاشا هەلنەگرن (قطعي الدلالة و قطعي الثبوت) وەکو تاک و تەنیایی خودا و واجب بوونی پێنج نوێژ لە رۆژێدا و حەرام بوونی زینا و دزی و عەرەق خواردنەوە و کوشتنی بە ناحەق و ...هتد

بەڵام ئەو حوکمانەی کەوا بەڵگەیەکی راست و دروستی لەسەر نەبێت، لە قورئان و سوننەت و تەنها ئیجتیهادی زانایانی لەسەر بێت و را جیایی هەڵبگرێ، ئەوا پێیان ناوترێ حوکمە نەگۆرەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین، حوکمە نەگۆرەکان واتە قورئان و سوننەتی راست.

**- کێ یان چ کەسانێک لە پەرلەماندا بڕیاردەدەن، کە بڕیارێکی پەسندکراو لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا یەک ناگرێتەوە یان یەک دەگرێتەوە؟**

**وەڵام:** بەرای من هەر مەسەلەیەک را جیایی لێ دروست بوو، کە ئایا لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام یەکدەگرێتەوە یان نا، پێویستە پەرلەمان رای پسپۆرانی ئەو بوارە کە زانایانی شەرعناس و لێهاتوون، وەربگرێت. بێگومان زۆر کەمیشن ئەو مەسەلانەی کە دیارنەبن ئایا حوکمی نەگۆرە یان نا، چونکە حوکمە نەگۆڕەکان لە ناو کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا وەکو بەدیهیاتی لێهاتووە و کەم کەس هەیە نەزانێت کە ئەوە حوکمێکی نەگۆڕی ئیسلامە، هەر بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت : ( الحلال بين والحرام بين وبينهما امور مشتبهات ... ) واتە حەڵاڵ و حەرامەکانیش دیارن. بەڵام لەو نێوەندەدا هەندێ شت هەنە جێی گومانن، کە ئایا حەڵاڵن یان حەرامن...) دیارە حەڵاڵ و حەرام لە حوکمە نەگۆڕەکانن و ئەو شتانەی تر دەکرێ رای جیا جیا هەڵبگرێت.

**ـ لە ماددەی 30ی پرۆژەی دەستووردا هاتووە: (یەکەم: نابێ حوکمەکانی باری کەسێتیی پەیڕەوانی ئایینێک لەسەر پەیڕەوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێندرێن.**

**دووەم: پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی نا موسڵمان وەک مەسیحی و ئێزدییەکان و ئەوانی دی، بۆیان هەیە ئەنجومەنی ئایینی خۆیان دابمەزرێنن و پەیرەوی لە حکومەکانی تایبەت بە باری کەسێتیان بکەن کە بە یاسا دیار دەکرێن و دادگای ماددە کەسییەکانیش لێیان دەڕوانێ و**

**حوکمەکانی ئەم یاسایانەی پێوەندیان بە مادده کەسییەکانی ئەوانەوە هەیە، هەتا بە یاسایەک هەمواردەکرێن، یان هەڵدەوەشێندرێنەوە، کاریان پێ دەکرێت.)**

**پرسیار: ئایا ئەگەر پیاوێکی مەسیحی لەگەڵ ژنێک کە بەدین مسوڵمانە، زەماوەند بکات، یان دوایی جیا ببێتەوە، ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

**وەڵام:** هەرچەندە ئەم پرسیارە یاسایی نییە و زیاتر فیقهییە، بەڵام ئەو مادده دەستوورییە باس لەوە دەکات، کەوا مسوڵمانان یاسای باری کەسێتی تایبەت بە خۆیان هەیە و کریستیانەکانیش یاسایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەروەها ئایینزایەکانی تریش بە پێی یاسا بۆیان هەیە ڕێوڕەسمە تایبەتییەکانی بواری کەسێتی بە پێی ئایینی خۆیان بەڕێوە ببەن.

دیارە یەکێ لە حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام ئەوەیە، کە ژنی مسوڵمان نابێت شوو بە پیاوی نامسوڵمان بکات و یاسای باری کەسێتی مسوڵمانانیش ڕێگا بەم هاوسەرگیرییە نادات، ئەگەر روویدا، بە پوچەڵ (باطل) دادەنرێت و هیچ مافێکی شەرعی و یاسایی لەسەر دروست نابێت و دادگاش تۆماری ناکات.